وەزارەتی پلاندانانی عێراق:نرخی خۆراک لە بازاڕەکاندا دابەزینی بەخێوە بینی

وەزارەتی پلاندانانی عێراق رایگەیاند، مانگی رابردوو نرخی کڕەستە خۆراکییەکان لە بازاڕدا دابەزینیان بە خێانەوە بینی بەشێوەیەک نرخی خۆراک بە گشتی ٠.٨٪ دابەزی.

ئەمە دووشەمە، وەزارەتی پلاندانانی عێراق رایگەیاند، لە مانگی تشرینی دووەمدا نرخی کڕەستە خۆراکییەکان لە بازاڕەکاندا بەراورد بە مانگەکانی دیکە دابەزینی بەخێوە بینیوە

ئاماژەی بەوەش کرد، لە مانگی تشرینی دووەمی رابردوودا، نرخی خۆراک بە گشتی بە ڕێژەی ٠.٨٪ دابەزیوە، هاوکات نرخی سەوزەواتیش بە ڕێژەی ٢.٩٪ دابەزیوە.

ئەوەشی خستە روو، نرخی میوەکانیش بەڕێژەی ٢.٢٪ دابەزیوون و بەرهەمە زێتییەکانیش بە ڕێژی ١.٧٪ نرخەکانیان دابەزینی بەخێوە بینیوە.